# کاممان تیرۆریستین؟

حەمەسەعید حەسەن

لە دووەمین دیداری چیرۆکی کوردیدا کە پاییزی ١٩٨٢ لە هەولێر ساز کرا، باسێکم بە ناونیشانی (پاڵەوان و ڕووداو لە چیرۆکی کوردیدا) پێشکەش کرد، تێیدا لەبەر ڕۆشنایی چیرۆکەکانتدا گوتبووم، عەبدوڵڵا ئاگرین:

(١) تەنیا کاری خراپ و مرۆڤی نەخۆش و ناتەواو دەبینێت.

(٢) دەرکی بەوە نەکردووە، چیرۆک بێ ڕووداو دروست نابێت.

(٣) دەسەڵاتی بەسەر زمانی کوردیدا ناشکێت.

(٤) ناتوانێت خوازە لە جێی خۆیدا بەکار بهێنێت.(*)

تۆش لە وەڵامدا، ئەو بوختانەت بۆ هەڵبەستم کە گوایە سووکایەتیم بە مەزاری فەتاح ئاغا کردووە! جارێ با هەندێکی دیکە کوردییەکەت بۆ ڕاست بکەمەوە، ئەوسا ڕاستەوخۆتر پێت دەڵێم، کاممان ئیرهابین.

* پەنجەی سەرزەنشت بەرێت، هەڵەیە، پەنجەی سەرزەنشت درێژ بکات، ڕاستە.

* بەرامبەر، هەڵەیە، بەرانبەر، ڕاستە.

* لووت بەرزی، هەڵەیە، لووتبەرزی، ڕاستە.

* ئەو هەڵوێستانەت وایلێکردوویت، هەڵەیە، وایان لێ کردوویت، ڕاستە.

* هەق بوو لە شەربەتفرۆشەکانەوە کە هاوار دەکەن: کەللەتەزێن، خەمرەوێن، فێر بیت، بڵێیت: هەستڕووشێن، نەک بنووسیت: هەست ڕووشێنەر! هەستڕووشێن، کە لەسەر کێشی شەکرشکێنە و هاوزەمان ناوی بکەر و ئاوەڵناویشە، ڕاستە. هەستڕووشێنەر، هەڵەیە، ئاخر ئەو وشە لێکدراوە، پێویستی بەو (ەر)ە نییە.

کە یەکگرتن بە پارتییەوە پەیوەست دەبێت، بە گوێرەی بروسکەیەکی بارزانی، دەبێت حسک و پاسۆک و گەل، هەر چی شک دەبەن، ببێتە موڵکی پدک، بە ڕاست سەری پارە و چاپخانە و دەواجینەکەی پاسۆک، بە کام گۆمدا کران؟

سەروەختی کۆڕەو، دوای شکستی ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ فوئاد مەجید میسری، لە ترسی زەبری بەعس، لە سلێمانی هەڵدێت و لە بیارە دەگیرسێتەوە. ئەو وەختە بارەگای پاسۆکیش لە بیارە دەبێت، خودی تۆ ئەی ئاگرین، پێشنیارت بۆ پاسۆک کردبوو، فوئاد تیرۆر بکرێت. مولازم کەریم و هاوبیرانی وەک تۆ ئیرهابی بوونایە، فوئاد تیرۆر دەکرا. تاوانی فوئادی مەجید میسری تەنیا ئەوە بوو، یازدە ساڵ پێش ڕاپەڕین، تۆ داوات لێ کردبوو، پێشەکی بۆ چیرۆکەکانت بنووسێت و ئەویش پێی گوتبوویت: چونکە چیرۆکەکانت لە ڕوانگەی منەوە لاوازن، ببوورە ناتوانم بە باڵایاندا هەڵبڵێم.

دەشێت سەبەتەی داهاتوو هێلکەی قازی تێدابێت.

2004. 03. 24

(٢) گۆڤاری کاروان، ژمارە (٤) جەنیوەریی ١٩٨٣ هەولێر.